# بۆ تێپەڕاندنی بەرنامەکان چاو بەلیستی تیرۆر دەخشێندرێتەوە

چەند ساڵێکە هێندێک ڕێکخراوی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ناویان خراوەتە نێو لیستی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەمریکاو ئەوڕوپا بە تیرۆریستیان دەناسێنن، هەرچەندە زۆرینەی ئەو لایەنانە بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەکانیان تێدەکۆشن و تیرۆریستبوون ڕەت دەکەنەوە و شێلگیرانەش بۆ دەرهێنانی ناوەکانیان تێدەکۆشن.

سێ لایەنی کوردستانی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان، وێڕای ئەوەی سێ هێزی کوردستانی خاوەن نفوزن، کەچی لەنێو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکاندا تۆمار کرابوون. وەک ئاشکرایە هەر لەسەرەتاوە ئەو لایەنانە ئەوەیان بەناڕەوا داناو داخباری خۆیان پیشاندا، بەڵام تا ئەو چەند ڕۆژەی دوایی هەوڵەکانیان بۆ دەرهێنانی ناوەکانیان ناکام مابۆوە، خۆشبەختانە لە هەفتەی ڕابردوودا بە فەرمی ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە لیستی ڕەشی ئەمریکا هێنرانە دەرێ.

هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٠٣و لە پرۆسەی ئازادی عێراق و ئەمسالیش لە شەڕی داعش دا ئەو لایەنانە هاوکاری یەکتریان کردبووە، بەڵام

ئێستا دوای دەرهێنانی ناوەکانیان لەلیستی ڕێکخراوە تیرۆریسیەکاندا دەرفەتێکی لەبارو شیاوتر بۆ هاوکاری نێوان ئەمریکا و ئەو لایەنانە دێتە ئاراوە.

لەلایەکی دیکەشەوە یەکێتیی ئەوڕوپا لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینی لەلیستی تیرۆر هێنایە دەرێ، بەوهۆیەشەوە دەروازەیەکی نوێ بۆ کاری دیبلۆماسی لەنێوان حەماس و وڵاتانی یەکێتیی ئەوڕوپا کرایەوە.

لەو پێوەندەدا دادگەی ئەورووپا ڕایگەیاندوە ساڵی ٢٠٠١ کە ناوی بزووتنەوەی حەماس خرایە نێو لیستی ڕێخکراوە تیرۆریستەکانەوە، هیچ بنەماو پاساوێکی یاسایی نەبوو، تەنیا پشت بە زانیاری ڕۆژنامەوانی و تۆڕی ئینتەرنێت بەستترابوو، بۆیە دوای چاوخشاندنەوە، ناوی حەماس دەرهێنراو چیتر وەک ڕێخکراوێکی تیرۆریستی ڕەفتاری لەگەڵدا ناکرێ.

ئێستا هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ دەرهێنانی ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکاندا دەستی پێکردووە، واچاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا ناوی پەکەکە لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان دەربهێنرێ.

ڕاستیەکەی لەسەر داوای دەوڵەتی تورکیاوە ناوی پەکەکە خراوەتە نێو لیستی ڕەشەوە، بۆیە ژمارەیەک دەوڵەتی ئەوڕوپی باوەڕیان پێنەبووەو هەوڵیان داوە ناوی پەکەکە نەخرێتەوە ئەو لیستەوە، بۆیە ئێستا بەختی دەرهێنانی ناوی پەکەکە لەو لیستەدا زۆرتر بووە.

ئێستا کە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان شانبەشانی هێزی پێشمەرگە شەڕی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە ماوەیەک لەمەوبەر یەکێتی ئەوڕوپا ناوی سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانی لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان دەرهێناو ئێستاش کار بۆ ئەوە دەکرێ تا ئەمریکاش ناوی ئەو ڕێکخراوە لە لیستی ڕەش دەربهێنێ.

چاودێران پێیانوایە کە دەرهێنانی ناوی ئەو هەموو ڕێکخراوەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکاندا ئاماژەیکی ئەرێنیە، لەهەمان کاتدا دیوی دووەمی ئەو سیناریۆیە پێشان دەدات کە ئەمریکاو ئەوڕوپا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەبەرچاویان گرتووە و لە داهاتوو دەردەکەوێ.

تۆمارکردنی ناوی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان ناڕەوا بوو، چونکە ڕێکخراوێکی ئازادیخوازو ڕزگاریخواز بەهیچ پێوەرێک لەگەڵ ڕێخکراوێکی توندڕۆی دەمارگیر هاوتا ناکرێ، بۆیە پێویستە کە ڕێکخراوی ڕزگاریخواز و تیرۆریست لەیەکتر جیابکرێنەوە.

بێگومان ئەمریکاو ئەوڕوپا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پێوەندیەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ناوی هەندێک ڕێکخراوی ئازادیخوازیان خستۆتە نێو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانەوە، ئێستا کە کاروانی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ هەندێک وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەرەو ئاقارێکی پێچەوانە دەڕوا، کار بۆ دەرهێنانی ناوی هەندێک ڕێکخراو دەکەن و دەیانەوێ بە ڕوویێکی دیکە پیشانیان بدەن.

لەماوەکانی ڕابردوودا هەردوو وڵاتی سویدو فەرەنسا بە فەرمی دانیان بە دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین نا، دەرهێنانی ناوی ڕێکخراوی حەماسیش ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی وڵاتانی دیکەش دان بە دەوڵەتی فەلەستین دابنێن. هەروەها دەرهێنانی ناوی یەکێتی و پارتیش هاندەرێکی بەهێزتر دەبێ تا ئەمریکا بە شێوازێکی دیکە ڕەفتار لەگەڵ دۆزی ڕەوای باشووری کوردستاندا بکات. ئەگەر لە داهاتوویێکی نزیکدا ناوی پارتی کرێکارانی کوردستانیش

لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان دەربهێندرێ، ئیدی دەروازەیێکی بەهێز بەرووی دۆزی ڕەوای باکووری کوردستان دەکرێتەوە.

بێگومان بەهۆی ئەوەی هیچ پارتێکی ڕۆژئاوای کوردستان لەنێو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکاندا بوونی نیە، ئیدی هاوکاریکردن لەگەڵ ڕۆژئاوا ئاسانتر بوو، لە هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ بە ئاشکرا ئەو ڕاستیە هەستی پێکراوە. ئێستاش بەهۆی بەرخۆدانی شەڕڤانانی کۆبانیەوە دەروازەیەکی نوێ بەڕووی دۆزی ڕۆژئاوای کوردستان کراوەتەوە، هاوسۆزییێکی باشتری بۆ پەیدا بووە.

ئێستا ئەمریکاو وڵاتانی ئەوڕوپا بۆ ڕێخۆشکردن و تێپەڕاندنی بەرنامەی داڕێژراویان هەنگاوی دەرهێنانی ناوی هەندێک ڕێکخراویان لەلیستی ڕەش دەست پێکردووە، بەڵام ئەو هەنگاوە بەتەنیا بەوە بە ئاکام ناگات ئەگەر وڵاتێکی وەک تورکیا پەڕاوێز نەخرێ و لە کایەی هاوبەش دوور نەخرێتەوە. هەبووی ئەردۆگان لە لوتکەی هەرەمی دەستەڵاتی تورکیاو فەرمانڕەوایەتی پارتی دادوگەشەپێدان، بەتایبەتیش سیاسەتە پیادەکراوەکانیان باشترین بیانۆن بۆ پەڕاوێزخستنی تورکیا.

ئەگەر جاران دەوڵەتی تورک لەلایەن ئەمریکاو ئەوڕوپای ڕۆژئاواوە پێوانەی بۆ دەکراو شاننزمیان بۆ دەنواند، ئێستا بەهۆی سیاسەتە پاوانخوازیەکانی ئەردۆگان و ستراتیژی ئەک پارتیەوە ئەو پێگەیەی لەدەست داوە. باوەڕ ناکرێ چیتر ئەمریکاو وڵاتانی ئەوڕوپا بەو سیاسەتەی ئەردۆگان و حزبەکەی ڕازی بن.

ئەگەر بۆ مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو بگەڕێینەوە، دەردەکەوێ کە بەهۆی سیاسەتە پاوانخوازیەکانی دەوڵەتی عوسمانلیەوە بوو کە ئەوڕوپا شەڕی لەدژدا هەڵگیرساند، بەهۆی ئەو شەڕەشەوە هەم دەوڵەتی عوسمانلی هەڵوەشایەوە هەمیش میراتەکانی دابەش و پارچە پارچە کران، ئێستا کە ئەردۆگان و حزبەکەی خەون بە زیندووکردنەوەی خەلافەتی عوسمانلی دەبینن و بۆ ئەمەبەستەش دەس لە کاروباری وڵاتانی ئیسلامی وەردەدەن و ڕاشکاوانەش هاوکاری گرووپە توندڕۆ و تیرۆریسیەکانی سوننە دەکەن و دەیانەوێ لەو ڕێیەوە باڵادەستی خۆیان پێشان بدەن، لەبەرانبەردا ئەمریکای زلهێزو وڵاتانی ئەوڕوپا هەڵوێست وەردەگرن وسنوورێک بۆ ئەو چاوچنۆکیەی نەوەکانی عوسمانلی دادەنێن، هاوکاریکردنی هێزە کوردستانیەکان و دەرهێنانی ناوی پەکەکە لە لیستی ڕەش بۆ ئەردۆگان و تورکیا توندترین وەڵام دەبێ.

**هاشم عەبدوڵڵا**

hashm_abdulla@hotmail.com

# دانوستاندنی ڕژێمی ئەسەدو ئۆپۆزیسیۆن لە بندەست گیر دەبێ

حکومەتی ڕووسیا لەهەوڵێکی نوێی دیبلۆماسی خۆیدا دەیەوێ لایەنە ناکۆکەکانی سوریە بەرەو مێزی گفتوگۆ ڕابکێشێ.

دوای ئەوەی بە سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ لێدانی داعش هاوپەیمانیەتێکی چەند دەوڵەتی پێکهات و شیمانەی ئەوەش دەکرێ کە لەپاڵ لێدانی داعشەوە ئۆپۆزیسیۆنی سوریا پڕ چەک بکرێ و سەرەنجامیش هەوڵی ڕووخاندنی ڕژێمی بەشار ئەسەد بدرێ، بۆیە ڕووسیا بەپەلە کەوتەخۆو هەوڵەکانی بۆ ئاشتبوونەوەی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستین و حکومەتەکەی بەشار ئەسەد خستەگەڕ.

دەوڵەتی ڕووسیا کە بەیەکێک لە هاوپەیمانە نزیکەکانی دەوڵەتی بەشار ئەسەد هەژمار دەکرێ، لە داهاتووی سوریا نیگەرانەو نایەوێ هێزێکی ئیسلامی و دەمارگیر جڵەوی حوکمی دیمەشق بگرێتە دەست، بۆیە دەرفەتێکی دیکەی بۆ گفتوگۆ لەنێوان ئۆپۆزیسیۆن و حکومەتی دیمەشق پێشنیار کردووە، لەو نێوەندەشدا کۆماری ئیسلامی ئێران پشتیوانی خۆی بۆ ئەو هەنگاوەی ڕووسیا دەربڕیوەو ڕایگەیاندووە کە بەهەموو شێوەیەک کار بۆ سەرخستنی دەکات و بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی سوریا بە گرنگ و پێویست دەزانێ.

بێگومان سین و وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی ڕووسیا پشتیوانی لە چارەسەری ئاشتیانەی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دیمەشق دەکەن و بە کارێکی ئەرێنی دادەنێن و هەوڵی سەرخستنی دەدەن.

ڕاستیەکەی هێزە نەیارەکانی ڕژێمی دیمەشق لەنێو خۆیاندا پەرتەوازەو هاوێرن، دەیان دەستەو گرووپی جۆراوجۆریان هەیە، وەک دەشگوترێ هەریەکەیان بە شوێنێکەوە گرێدراون و لەدەرەوەڕا ڕادەسپێردرێن و قورمیش دەکرێن.

خۆشبەختانە هێزە کوردیەکانی ڕۆژئاوا بەتایبەتیش یەپەگە تاکە هێزی سەربەخۆیەو بڕیاری سیاسی لەدەست خۆیەتی و بۆ هیچ چاوگەیەک ناگەڕێتەوە و دەتوانێ هەنگاوی ژیرانە هەڵبگرێتەوە و ڕەوشەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی و کێشەی کوردستان بقۆزێتەوە، بەتایبەتی کە ئێستا پێگەی ڕۆژئاوا بەهێزەو بەهۆی ڕێککەوتنی نێوان تەڤدەم و ئەنەکەسەشەوە دەرفەتێکی لەبارتر هاتۆتە پێش، بەڵام گرووپ و تاقمەکانی دیکە ئۆپۆزیسیۆنی سوریا لەجیاتی دیتران شەڕی ئەسەدو ڕژێمەکەی دەکەن، بەوهۆیەوە هیچ ئومێدێکی لەسەر هەڵناچنرێ و سەرەنجام ناکام دەمێنێتەوەو سووریاش بەرەو کاولکاری و وێرانەی زیاتر دەڕوات. ئەوەی بیەوێ پڕۆسەی ئاشتی سەربگرێ، دەبێ مافەکانی کورد مسۆگەر بکات.

**کاروان سەربەنی**

K_serbeni@hotmail.com

# ئەردۆگان بەهۆی پشتیوانیکردنی لەداعش بەرەو نغرۆبوون دەچێ



ماوەی چەند مانگێکە فرۆکەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی مۆڵگەکانی داعش بۆمباباران دەکەن، ئەمریکاو هاوپەیمانانی جەنگیان دژ بە داعس ڕاگەیاندووە، کەچی حکومەتی ئەنکارا کە بەدرێژایی ٦٠ ساڵی ڕابردوو هاوپەیمانی ئەمریکاو ئەوڕوپای ڕۆژئاوا بوو، لەلایەن ئەوانە پشتیوانی لێدەکرا، ئێستا خۆی لەو هاوپەیمانێتیە بەدوور گرتووە و نایەوێ دژ بە داعش بجەنگێ. لەلایەکی دیکەشەوە بەبەرچاوی مێدیاکانەوە هاوکاری چەتەکانی داعش دەکات.

مێدیاکانی جیهان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە داعش بریندارەکانی خۆی لە نەخۆشخانەکانی تورکیا چارەسەر دەکات؛ داعش سەربازگەی مەشق و ڕاهێنانی لە نێو خاکی تورکیادا کردۆتەوە، هەروەها تورکیا دەروازەیەکی سەرەکیەو لەوێوە توندڕۆکانی جیهان بەرەولای داعش دەڕۆن.

کوردانی ڕۆژئاوا جەخت لەوەدەکەنەوە کە چەتەکانی داعش لەنێو خاکی تورکیاو بەبەرچاوی سوپای تورکیاوە هێرش و پەلاماری کۆبانێ دەدەن، بەڵام جێی پرسیارە کە بۆچی ئەمریکاو ئەوڕوپا خۆیان نەبان کردووەو ڕاشکاوانە هەڕەشە لە حکومەتی ئەنکارا ناکەن؟

ڕێزدار ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی پەیەدە داوایکردووە کە لیژنەیەک بۆ ساغکردنەوەی ئەو ڕووداوانە پێکبهێندرێ، ئەمەش ئاماژەیەکی دیکەیە تا هاوکاریەکانی نێوان تورکیاو داعش ڕوون بێتەوە.

شرۆڤەکاران پێیانوایە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان کە خەونی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی هەیەو بۆ ئەو مەبەستەش هاوکاری داعش دەکات، سەرەنجام جیهانیان لێی بەدەنگ دێن و لەدژیدا ڕادەوستن، بەوهۆیەشەوە لەگەڵ داعش بەرەو نغرۆبوون دەڕوات.

**سەمیر کانەبی**